# سةراني كورد خةريكة ئةزمونةكةمان لةناو ئةبةن ... ثارمزةر: أةفعةت هةلَةبجةيي

کاتێك کە دڵسۆزان و خەمخۆرانی گەل و نیشتمان ڕەش بینی خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر بە ئەزمونی گەلەکەمان دیارە ئەو ڕەش بینی یە هەروا لە خۆیەوە سەرچاوەی نەگرتووە ودژی دەسەڵاتی کوردی نین بەڵکو لە ئەنجامی بە تەنگ هاتن و غەمخۆری یانە بۆ خاك و نیشتمان و جەماوەری کورد.کەس نیە لە جیهاندا قسەیەك بکات و بۆچونێکی سیاسی هەبێت و حەز بکات قسەکەی بە درۆ بکەوێتەوە و بۆ چونەکەی بە هەڵە دەرچێت.کەچی من زۆر جار کە ڕەخنە لە دەسەڵات و حزبە کوردیەکان دەگرم و ڕەش بینم بەرامبەر بە چ_ 7cر_5e نوسی گەلەکەمان دواجار دەڵێم خوایە دۆزی کورد بە پێچەوانەی ووتەو ڕەشبینیەکانی منەوە دەرچێت.کەچی سیاسەتی هەڵەو چەواشە بێجگە لە ماڵ وێرانی و لە بار چوونی ئەم ئەزمونە گەشەی کورد هیچی تری لێ ناکەوێتەوە.
من هەر زوو ئەم ووت کوردستان کۆمەڵگەیەکی ئەنارشیستەو دەسەڵاتە کوردیەکانیش فریان بە دیموکراتیەوە نیەو میللەتیش ئیرادەی لە بنەڕەتەوە سەلب کراوە.کەچی دواجار هەر خۆم بە خۆمم ئەووت بۆچی مرۆڤ ئەوەندە ڕەش بین بێت، بەڵام بە داخەوە 90 % ی ڕۆشنبیران، سیاسەتمەداران، ئەوەندە گەشبینن بەم دەسەڵاتە خۆماڵیەی کورد بچوکترین ئەگەریان نەهێشتۆتەوە بۆ لە ناو چوونی ئەم ئەزموونە، بە ڕای من ڕۆشنبیرو جەماوەری کورد لە کاتی بۆچوون و ڕا دەربڕیندا ئەوەندە سۆز بە کار ئەهێنن بەرا '3eب
'5eر بەم ئەزمونەی گەلەکەمان لە سنور تێ دەپەڕێنن، گەرنا بە ڕای من گەشبینی و ڕەش بینی (المتفائل والمتشائم) لە ڕادەربڕیندا دەبێت سەرچاوەو لێکدانەوەیەکی سیاسی لە پشتەوە بێت وبە شێوەیەکی هەروا هەڕەمەکی نەبێت.
ئەوەتا دوو حزبە خێڵەکیەکەی کورد نەك لە سەر مافی کورد وکوردستان نەك لە سەر کەرکوك و خانەقین نەك لە سەر فیدڕاڵیەت و سەربەخۆیی بۆ گەلەکەمان بەڵکو لە سەر ڕابەرایەتی هەرێم دوای تێپەڕبوونی هەشت ساڵ بەسەر ڕێك کەوتننامەی واشینگتۆندا هێشتا یەکیان نەگرتووە هێشتا لە سەر کورسی دەسەڵات وپلەو پایە ناجۆرو ناسازن.من پرسیار لە هەردوو حزبی دەسەڵاتدار دەکەم کەی کێشەی کورد ئەوەیە کە کام لەو دوو حزبە ڕابەربێت یان سنوری دەسەڵاتی ئەوەبێت یان ئەوە نەبێت.
من هەمیشە پێش بینی سیاسی ڕەش بین دەکەم بۆ دۆزی گەلەکەمان ئەویش گوناهی من نیە، بەڵکو سیفەتی گەندەڵی بۆ ماوەیی سەرانی کوردوایە گەر نا دەبوو کێشەی هەرێمی کوردستان ساڵێك یان هەرهیچ نەبێت شەش مانگ پێش هەڵبژاردنەکانی عێراق چارەسەر بکرابا ئەویش لە ڕێگەی سندوقی دەنگ دانەوەو قایل بوونی هەردوو حزب بە دەنگ وئیرادەی گەل و جەماوەرو قەبوڵ کردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و دەرچونی یەکێکیان و دەسەڵات وەرگرتن.
بەڵام بە داخەوە بە بۆچوونی سیاسی من ئەو دوو کۆمپانیا چەمووشە نەك هەر یەك ناگرن و ڕێك ناکەون بەڵکو چۆن لە مێژووی سیاسی عێراقدا هەمیشە حکومەتە دکتاتۆرەکانیان دروست کردووەو بە هێزیان کردوون دواتر بە نۆرە بونەتە جاش و کوردستانیان پێ کاول و خاپور و ئەنفال کردووە ئەمجارەشیان لە باتی قەبوڵ کردنی یەکتری و یەکگرتنیان.
لە کۆتایی 2005 دا کاتێك کە هەڵبژاردنی داهاتوو دەست پێ دەکاتەوە، جارێکی تر کێشەکانیان سەر لە نوێ دوبارە ئەکەنەوە، بە هیچ شێوەیەك یەکتریان پێ قەبوڵ ناکرێت و ملکەچی ئیرادەی گەل و سندوقی دەنگ دان نابن، جارێکی تر سەنگەر لە یەکتر دەگرن و هەریەکەیان ئەبێتە جاشی وولاتێکی دراوسێ و جارێکی تر شۆڕشی کورد تووشی نسکۆو ئاش بە تاڵ دەکەنەوە....